ژیلە سەڵاح:
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# تا ئێستا شەش مەدالیای زێڕ و چوار برۆنز و سێ زیوم بەدەست هێناوە

**تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و زۆربەی یاریزانەکانی لە یارییە جیاوازەکان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن و ململانێی یانە گەورەکانی عێراق دەکەن. ژیلە سەڵاح لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانی و دەرچووی پەیمانگای وەرزشییە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی و چەندین ریکۆردی شکاندووە، هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی کردووەو لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی عەرەبی چەندین مەدالیای جۆراوجۆری بەدەست هێناوە. لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی - فۆتۆ: یەشار ئیبراهیم

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

-من هەمووکات حەزم بە وەرزش کردووە، بەڵام لە ڕێگای هاوڕێیەکم بە ناوی دلیا ئەحمەد چوومە ریزی یانەی پێشمەرگە و زۆر سوپاسی دەکەم کە خەونی منی لە بواری وەرزشی بەدیهێنا.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە چاو یارییەکانی تر باشترە، جگە لەوەش یاریزانی زۆر باشی تێدا هەیە، کە زۆربەی یاریزانانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن، ئەمەش جێی خۆشحاڵییە کە زۆربەی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراقی کوردن.



*** بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان و بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز، پێت باشە چی بکرێت؟**

- خول و پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت و بەرپرسانی وەرزشی زیاتر هانی وەرزشکارانی ئەم یارییە بدەن بۆ گەشەسەندنی زیاتری یارییەکە.

***ئەم یارییەی هەڵتبژاردووە، ئایا بۆ تۆ قورس نییە؟**

- حەز و ئارەزووی من تەنیا لە یاری گۆڕەپان و مەیداندایە، بۆیە هیچ قورساییەکی تێدا نییە بۆ من، زۆریش پێی دڵخۆشم.

***چی بکرێت باشە بۆ کچە وەرزشکارانی ئەم یارییە؟**

-باشترە ریزی تایبەتی لێبگیرێ، یارییەکەش پێویستی بە خزمەتێکی باشتر هەیە و کچانیش ئەنجامیان بەرچاو بووە و پێویستە پشتیوانی بکرێن و زیاتر هانیان بدەن.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-خەونی من لە ئێستا و داهاتوودا ئەوەیە دووبارە لە پاڵەوانیەتییەکانی جیهان بەشدار بم، کە ساڵی ٢٠١١ بەشداریم کرد وەکو تاکە کچێکی کورد.

*** بۆچی ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ یانەی پێشمەرگە بەردەوامی؟**

-یانەی وەرزشیی پێشمەرگە یانەیەکی باش بووە، بۆیە ئەو یانەیەشم هەڵبژاردووە کە خزمەتی زۆری یاریی گۆڕەپان و مەیدان دەکات.

*** ئەنجامەکانت لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق چی بووە؟**

-من یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم لە ساڵی ٢٠٠٨وە تاکو ئێستا ئاستی باشم هەبووە بەردەوامیش پلەکانی یەکەم ودووەمم هەبووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە زۆربەی پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەش بەشداریم کردووە خاوەنی شەش مەدالیای زێڕ و چوار برۆنز و سێ زیو لەلایەن بەرپرسانیش رێزم لێنراوە.

***هیچ وەرزشی تر ئەنجام نادەی؟**

- تەنیا یاری گۆڕەپان و مەیدانم کردووە، هیچ یارییەکی ترم نەکردووە، حەزم بە هیچ یارییەکی تر نییە، خۆشترین یاری لای من گۆڕەپان و مەیدانە.

*** بەرنامەی داهاتووت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-تەنیا بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی جیهان، گرنگیدان بە ئاست و توانای جەستەیی خۆم.

*** لە وەرزشکردنت هیچ رێگرییەك نەبووە؟**

-هیچ رێگرییەك نەبووە لە وەرزشکردنم و هەموو کات مەشق و راهێنانم کردووە.

*** گرێبەستت زۆر پێشکەش کراوە، بۆچی لە یانەی پێشمەرگە بەردەوامی؟**

-زۆر یانە ویستوویانە گرێبەستم لەگەڵ ئەنجام بدەن، بەڵام من لەگەڵ ئەوەی رێزم بۆ یانەکانی کوردستان و عێراق هەیە، جگە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری بۆ هیچ یانەیەکی تر ناکەم، چونکە پێشمەرگە خزمەتی زۆری ئەم یارییەی کردووە.

*** کێ زۆر پاڵپشتیت دەکات؟**

-خێزانەکەم و هاوڕێیەکانم و مامۆستا زەردەشت رەفیق و یانەکەم هەموویان زۆر باش پاڵپشتم بوون و من قەرزاری ئەوانم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بەردەوام خزمەتی وەرزشوانان دەکەن، سوپاس بۆ یانەی وەرزشیی پێشمەرگە و راهێنەر و خێزانەکەم کە هەمیشە هاوکاری باش و پشتیوانم بوون.



# یاریزانێکی بەرشلۆنە بۆ ماوەیەکی زۆر دووردەکەوێتەوە

یانەی بەرشلۆنە ئیسپانی لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا دوورکەوتنەوەی تۆماس ڤێرمایلینی بەرگریکەری یانەکەی لە یاریگەکان راگەیاند.

ڤێرمایلین لە یاری بەلژیکا و سویسرا، کە بەلژیکا بە دوو گۆڵ بەرانبەر گۆڵێک سەرکەوتنی بەدەستهێنا تووشی پێکانبوو و گەڕایەوە بەرشلۆنە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پێکانەکەی.

ڤێرمایلین لە یارییەکەدا لە خولەکی ٧٣ تووشی پێکانبوو و یاریگەی جێهێشت.

بەرشلۆنە لە بەیاننامەکەدا رایگەیاندووە، ڤێرمایلین لە بەشی سەرەوە رانی راستیدا تووشی پێکانبووە و دوای ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییەکان دەرکەوتووە، کە یاریزانەکە بەلای کەمەوە ماوەی ٦ هەفتە لە یاریگەکان دووردەکەوێتەوە.




# تۆران تووشی سزایەکی قوورس دەبێت

دادگای گشتی تورکیا بەهۆی تێوەگلانی بە چەند کەیسێکەوە ئاردا تۆرانی یاریزانی پێشووی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی تورکیا زیندانی دەکات.

دادگای گشتی بەپێی یاسای وڵاتەکەی و بەهۆی ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ ئاردا تۆران، کە لە شەڕکردن لە یانە شەوانەکاندا و دەستدرێژی سێکسی و هەڵگرتنی چەک بە نایاسایی پێکهاتوون، داوای لە تۆران کردووە لە دادگا ئامادەبێت بۆ لێکۆڵینەوە.

تۆران لە یەکێک لە یانە شەوانەکاندا دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر هاوژینی بارکای شاهین، کە یەکێکە لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی تورکیا، یاریزان تۆران لەوێدا هێرشی کردووەتە سەر گۆرانیبێژەکە و لێیداوە دواتر لە چەند شوێنێک لووتی شکاندووە، تۆران بەمە نەوەستاوە و بە چەکی بێ مۆڵەت چووەتە نەخۆشخانە و داوای لە شاهین کردووە داوای لێبووردنی لێبکات ئەگەرنا دەیکوژێت.

بەپێی یاسای تورکیا و بەکۆی ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ ئاردا، یاریزانە تورکەکە دەبێت بۆ ماوەی ١٢ ساڵ و نیو زیندانی بکرێت.




# يارييە دۆستانەكان زەبرێكی كووشندەی لە لیڤەرپووڵ دا

یانەی لیڤەرپووڵ بەهۆی رۆژی فیفا دەی تایبەت بە یارییە دۆستانەكانی هەڵبژاردەكان سێ یاریزانی لەدەست دەدات و بەهۆی پێكانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەكرێن.

سادیۆ مانێی هێرشبەری سەنیگالی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لە قۆڵی تووشی پیكان بووە، لە سەنیگالەوە گەڕایەوە لیڤەرپوول بۆ چارەسەركردنی پێكانەكەی، بەڵام دواتر لەگەڵ هەڵبژاردەی سەنیگال لە بەرانبەر بە سوودان بەشداریی یارییەكانی پاڵاوتنی جامی نەتەوەكانی ئەفریكای كرد.

بەمەش لیڤەرپوول لە تواناكانی هەریەك لە محەمەد سەڵاحی میسری و مانێ سەنیگالی و ڤان دایك-ی هۆڵەندی بێبەش دەبیت، كە هەر سێ یاریزان بەهۆی یاری هەڵبژاردەكانیان تووشی پێكان هاتوون.



## یاریزانێكی هەڵبژاردەی فەرەنسا بەیەكجاری ماڵئاوایی كرد

لۆران كۆسێلنی بەرگریكاری هەڵبژاردەی فەرەنسا بە یەكجاری وازهێنانی لە یاری نێودەوڵەتی راگەیاند.

دوای ئەوەی یاریزانە فەرەنسییەكە لە وەرزی رابردوودا لە یۆرۆپالیگ لە یاری نێوان ئەرسیناڵ و ئەتلێتیكۆ مەدرید تووشی پێكانبوو و نەیتوانی لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا بەشداری لە یارییەكانی مۆندیالی رووسیادا بكات، ئێستا ئەو یاریزانە ناگەڕێتەوە هەڵبژاردەكەی و وازهێنانی یەكجاری لە یاری نێودەوڵەتی راگەیاند.

لۆران دەڵێت، دوای پێكانەكەم دیدیێ دیشامپ لە حاڵەتی پێكانەكەمی نەپرسی و پشتگوێی خستم، بردنەوەی جامی جیهانی لە لایەن هەڵبژاردەی فەرەنسا ئازاری داوم و هەر ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی بڕیار بدم چیدیكە یاری بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا نەكەم.



# کانی شەوقی بووە باشترین یاریزانی تێنسی سەرمێزی عێراق

دوای ئەوەی لە شاری بەغدا پاڵەوانیەتی تۆپی سەرمێزی یانەکانی باکووری عێراق بەڕێوەچوو، تیپی کچانی پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی کۆمەڵەی باکوور بوون و توانییان لەسەرجەم یارییەکان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و پلەی یەکەمی ریزبەندی یانەکان بەدەست بهێنین، یەکێ: لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کانی شەوقی یاریزانی یانەکە بوو کە بە باشترین یاریزانی پاڵەوانیەتییەکە هەڵبژێردرا لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراقی لە بارەی بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزانی پاڵەوانیەتییەکەش کانی شەوقی یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنی باشترین یاریزان لە خولەکە ئەوەیە کە دەبێ یاریزانەکە زۆرترین یاری کردبێت و زۆرترین سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، منیش تەواوی ئەو سیفەتانەم تێدا بوو، بۆیە هەڵیانبژاردم، هەموو هەوڵ و ماندووبوونمان بۆ ئەوە بوو کە بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین، خۆشبەختانەش ئەو هیوایەمان هاتە دی، ئەویش بە ماندووبوونی راهێنەری بەتوانای یانەکەمان کاپتن بەڵێن بووە، دەمەوێت لە پاڵەوانیەتی عەرەبیش هەمان ئەنجام بەدەست بهێنم لە داهاتوودا ناوەستم تاکو ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنم، بە هاوکاریی راهێنەرەکەم، وەکو کوردێکیش شانازی دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم و لە داهاتووشدا درێژەپێدەری ئەنجامە باشەکانم دەبم، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش بەردەوامم و هیچ گرفتێکم نییە و دەمەوێت بە هەمان ئاست بەردەوام بم بۆ پاڵەوانیەتییەکانی داهاتووی عێراقی و کوردستان و دەرەوەی عێراقیش.»



## ئارارات لە خولی نایابی ک

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی ئاراراتی هاوینە هەواری پیرمام ئەم وەرزەش متمانەی بە ستافی پێشووی یانەکە کردەوە و ئێستاش تیپی تۆپی پێی یانەکە لە ئامادەکارییەکی چڕدایە بۆ ئەوەی بتوانێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت.

یانەی ئارارات هەموو ساڵێك بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بەشداری لە خولی نایابی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی تری کوردستان بکات، ئەمساڵیش بەهەمان شێوە دەیەوێت ئەنجامی گەورە لە خولی کوردستان دەستەبەر بکات، لەم بارەشەوە ئەنوەر محەممەد، راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکی زۆرە لە ئامادەکاریداین بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانی

## فوتساڵی سیروانی نوێ ئامادەن

دوای ئەوەی تیپی فوتساڵی پێشووی ئافرەتانی هەولێر لەگەڵ یانەکە نەگەیشتنە ڕێککەوتن بەهۆی چەند بڕیارێکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، بۆیە راهێنەر و ژمارەیەك لە یاریزانانی ئەو یانەیە کە پێشووتر ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئافرەتانی هەولێر کردبوو، جارێکی دی ڕێککەوتنەکەیان هەڵوەشاندەوەو بڕیاریان دا، پەیوەندی بە یانەی سیروانی نوێ بکەن، ئیستاش یانەکە بە سەرپەرشتیی عەباس فەرەجی راهێنەر لە ئامادەکاریی تەواودان بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی داهاتوودا، بەتایبەتی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج راهێنەری تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پێشووتر ڕێککەوتنمان لەگەڵ ئافرەتانی هەولێر هەبوو بۆ ئەوەی بۆ وەرزی نوێ خولی فوتساڵی کوردستان



## ـــــــــــــوردستان ژمارەیەکی گەورە دەبێت




وەرزی نوێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یاریزانەکانیشمان لەوپەڕی ئامادەباشیدان بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی ئەم وەرزە، تاکە گرفت لە تیپەکەی ئێمە بوونی هەبێت، ئەویش گرفتی توانایی داراییە لە یانەکە، کە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە بەشی یەکەمی گرێبەستی یاریزانەکانمان ئامادە بکەین، کارگێڕیی یانەکە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانمان دەدەن، یاریزانانیش مافی خۆیانە ئەم بڕە قیستی یەکەمی خۆیان وەربگرن.»

گوتیشی: «بۆ ئەم وەرزە شەش یاریزانی تازەمان هێناوەتە ریزی یانەکە، پێنج یاریزانی ناوخۆیی لە یانەکانی ئاکرێ و سۆران و چۆمان لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەری بەرازیلی، حەوت یاریزانیشمان لە یانەکە دوورخستۆتەوە، سەرجەم یاریزانەکانیشمان لە ئامادەکاری زۆر باشدان و هیچ گرفتێك لە پێکهاتەی یاریزانانی ئارارات بوونی نییە، دەمانەوێ لەم وەرزە ژمارەیەکی گەورە بین لە خولی نایابی کوردستان بۆ ئەوەی ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی خولەکە دەستەبەر بکەین، ئەو توانایەشمان هەیە کە ئەنجامی شایستە تۆمار بکەین، یاریزانەکانمان لە گشت هێڵەکانی یاریکردن ئامادەن و یاریزانی پێویستمان هەیە لە گشت هێڵەکان، بۆیە لە ئێستاشدا هیچ یاریزانێکی دیکە زیاد ناکەین لە ریزی پێکهاتەی یانەکەمان، هیواداریشین لایەنی بەرپرس بۆ چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانمان هاوکاریمان بکەن.

لەگەڵ ئەوان بین، بەڵام دواتر بەهۆی چەند بڕیارێکەوە نەگەیشتینە رێککەوتن و ئەمجارەش دوای ماوەیەك گفتوگۆ دواجار لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ گەیشتینە رێککەوتن بۆ پەیوەندیکردنمان بە ریزی ئەو یانە گەورەیە لە ماوەی داهاتوودا وەکو نوێنەری شاری سلێمانی بەشداری لە خولەکانی کوردستان و عێراق دەکەین.»

گوتیشی: «سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەی سیروانی نوێ دەکەین، بۆ بەخشینی ئەو متمانەیە بە من و یاریزانەکانم کە لەماوەی نۆ ساڵی رابردوو بەدەستمان هێناوە لە تیپی کچان و ئەنجامیشمان لەبەرچاو بووە، منش وەکو راهێنەرێك ئەو تیپە بە دەستکەوت دەزانم بۆ شاری سلێمانی و یانەی سیروانی نوێ کە ئێستا تیپێکی تر لەم شارە رکابەری تیپەکانی تری کوردستان دەکات بۆ بەدەستهێنانی جامی کوردستان، سوپاسی ئەو یانەیەش دەکەم کە مووچەی یاریزانان و راهێنەریان دابین کرد لە کاتێکدا کە زۆربەی تیپەکان لە قەیرانی داراییدان، ئێستاش بۆ خولەکانی کوردستان و عێراق خۆمان ئامادە دەکەین، ئامانجیشم بەرەوپێشبردنی ئاستی کچانمانە لەو یارییە و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە کوردستان، دەرگای یانەکەمان کراوەیە بۆ هەر یاریزانێك کە متمانەی من بەدەست بهێنێت بۆ هاتنە ناو پێکهاتەی تیپەکەمان، ئێستاش لە ئامادەکاریداین بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی بتوانین ناوی یانەکەمان و خۆمان بەرزبکەینەوە، دەشتوانین ئەنجامی باش بەم کچە یاریزانانە بەدەست بهێنین، هیچ کێشەو گرفتێکیش لە یانەی سیروانی نوێ بوونی نییە، بگرە یانەکەشمان ئەوپەڕی هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنین لە داهاتوودا ئێستاش ئامادەین بۆ هەر پاڵەوانیەتییەك.»

